www.kurdistannet.org

# خۆپڕچەككردن و سەرمایەداری

## لینین

بەریتانیا، یەكێكە لە دەوڵەمەندترین وەلاّتانی جیهان و لە هەموویان زیاتر ئازاد و پێشكەوتووترە. دەمێكە، پەتای خۆپڕچەككردن((كۆمەلّگا))و حكومەتی بەریتانی گرتووەتەوەو حالّیان رێك وەك حالّی كۆمەلّگا و حكومەتی فەرەنسا و ئەلمانیایە...هتد

ئەوەتە رۆژنامەوانی بەریتانی–و بەتایبەتی رۆژنامە كرێكارییەكان–ئەم رۆژانە سەرئەنجامی وا بلاّودەكەنەوە كە جێی سەرەنجە و((میكانیزمی))خۆپڕچەكردن سەرمایەداری فێلّباز پیشاند دەدات. خۆپڕچەككردنی هێزی دەریایی بەریتانی بە شێوەیەكی تایبەت، گەورەیە. شەركەتەكانی دروستكردنی پاپۆڕی بەریتانی(ویكەرز، ئارمسترۆنگ، براون...هتد)لە جیهاندا ناوبانگیان هەیە. بەریتانیا و وەلاّتەكانی، دی سەدان و هەزاران ملیون رۆبلّ خەرج دەكەن بۆ خۆئامادەكردن بۆ جەنگ–زۆر ئاساییە، هەموو ئەو خۆپڕچەككردنە بە تایبەتی لە پێناوی ئاشتی و پاراستنی كلتور و لە پێناوی نیشتیمان و شارستانییەتە و هتد...–.

ئێمە دەبینین ئەدمیراڵ و بەناوبانگترین كەسایەتی دەولّەتی بەریتانی لە هەردوو حزب: حزبی پارێزەران و حزبی لیبرالەكان، كە وەك بەشدار و بەرێوەبەرانی دەزگاكانی پاپۆڕ، بارود، دینامیت و بۆمبهاوێژ دروستكردنن و ئەوانی تریش هەروا. بارانی بە بەرەكەت، راستەوخۆ بۆ گیرفانی بۆرژوا بەرێزەكان دەبارێت، ئەمانە چەتەی جیهانی یەكگرتوو پێكدەهێنن و گەلان هاندەدەن بۆ كێبركێكردن لە بواری خۆچەكداركردن و پێستی ئەو گەلە گوێڕایەڵ، خۆشباوەڕ و گێل و ئەحماقانە وەك مەڕ لێدەكەنەوە !

خۆچەكداركردن، بە مەسەلەی نەتەوەیی و نیشتیمانی دادەنێن و وایشی بۆ دەچن، هەموویان، نهێنییەكە، بە شاراوەیی بپارێزن، بەلاّم كارگا و شەركەتەكانی پاپۆڕ، بۆمبهاوێژ، دینامیت و تفەنگ دروستكردن، دەزگای جیهانی پێكدەهێنن، سەرمایەدارانی وەلاّتان، قۆلّ بە قۆلّی یەكتر، فێلّ، دزی لە((جەماوەر))ی وەلاّتەكان دەكەن، ئەوانە پاپۆڕ یا بۆمبهاوێژ بۆ بریتانیا دروستدەكەن لە دژی ئیتالیا، و بۆ ئیتالیا لە دژی بەریتانیا بە هەمان شێوە، دروستدەكەن.

ئەوەتە ئالییەتی سەرمایەداری مەكرباز!شارستانی، رێكخستن، رۆشنبیری و ئاشتی– و راورووتكردنی ملیونان رۆبلّ لە لایەن خاوەن كار و قولّبڕەكان، خاوەنی سەرمایەی دروستكردنی پاپۆڕ و دینامیت و ئەوانی تر!

بەریتانیا سەر بە ویفاقی سێ قۆلّییە لە دژی هاوپەیمانانی سێ قۆلّ و ئیتالیا یەكێكە لەو دەولّەتانە تێدا ئەندامە[١]. شەركەتی ویكەرزی بەناوبانگ(بەریتانی)چەندین لقی لە ئیتالیا هەیە. بەشداربوانی ئەم شەركەتەو بەرێوەبەرەكانی(بەرێگای رۆژنامە كرێگرتەكان و((كەسایەتییە))پەرلەمانتاریستە كرێگرتەكان لە حزبی پارێزەران و لیبڕاڵەكان، جۆریەك)بەریتانیا لە دژی ئیتالیاو بە پێچەوانەشەوە، هاندەدەن. لە هەمان كاتدا قازانجی خۆیان لە كرێكارانی بەریتانیا و ئیتالیا وەك یەك وەردەگرن و لێرەو لە وێ گەلّ ڕاوڕووت دەكەن.

هەموو وەزیرو ئەندامانی شوورای گشتی پارێزەران و لیبرالّەكان–بەشدارن لەو شەركەتانە.كوڕی وەزیری((مەزن))غلادیستۆن، بەڕێوەبەری شەركەتی(ئەرمسترۆنگ)ە و ئەدمیراڵی دەریا بیكۆن، بەناوبانگترین دەریاناس و گەورەترین كارمەندە لە((بەرژەوەندی))لە بەریتانیا دەگوێزیتەوە بۆ كارگەی بۆمبهاوێژی قورس لە كوفنتری و موچەكەی دەگاتە ٧٠٠٠جونەی سترلینی، كەچی سەرۆك وەزیری بەریتانیا٥٠٠٠جونەی وەردەگرێ. هەلّبەت، هەمان ئەم شتە لە هەموو وەلاّتە سەرمایەدارییەكان روو دەدا. حكومەتەكان، پاسەوانی چینی سەرمایەدارەكانن، ئەوانیش موچەیەكی زۆر باش وەردەگرن. خودی پاسەوانەكانیش خاوەنی بەشن. مەڕەكانیش، لە ناوەڕاستی هاتوهاواری ووتارخوێندنەوەكان لە بارەی((نیشتیمانپەروەری))، پێكەوە توكیان هەلّدەپاچن...

لە ٢١ئایاری١٩١٣،لە پراڤدا، ژمارە١١٥بلاّوكراوەتەوە

www.kurdistannet.org

١بەرگی٢٣،لاپەڕەی١٧٥–١٧٦

---

١ هاوپەیمانانی سیٚ قۆڵی پێکهاتبوو لە ئەلمانیا، نەمسا–مەجەرستان و ئیتالیا و لە ١٨٧٩–١٨٨٢پێکهات. ویفاقی سیٚ قۆڵی پێکهاتبوو لە بریتانیا، فەرەنسا و روسیا و لە ١٩٠٧پێکهات. (بە کورتی)